## بۆ یەکێتی قوتابیانی کوردستان سەربانێک و دوو هەوایە!. . . عەلی مەحمود محەمەد

9-13 هۆڵەند




یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی هەڵەبجەی شەهید، ئەمڕۆ خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ڕێك خست، هەرچەندە بۆخۆیان چاك دەزانن پەرلەمانی بەسزمان هیچی بە دەست نییە، جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی ئەوان لای کلیل بەدەستانی خەزێنەیە، چارەسەرییان لە دوکان و قەڵاچۆڵانە نەك پەرلەمانی بە سزمانی هەولێر. بۆ نەیان بیست 80 یان داوای زیادکردنی مووچەی خۆیان کرد، نەك داواکاری خەڵکی هەڵەبجە.

داخوازەکان بە بڕوای من نەك ڕەوان بەڵکە زۆر کەمیشن، دیارە ئەوان بەوەندە ڕازی بوونە، چونکە خۆیان دەزانن سەر بە پارتێکن لە ناوچەکانی دەسەڵاتدارییەتی خۆیدا ئەوەندەشی بۆ کەس و کاری قوربانییان نەکردووە، بۆیە پێیان عەیبە تەواوی داواکارییەکانی پاشماوەی قوربانییان داوا بکەن.

ئەگەر هەڵەبجە بە دەست خۆیانەوە بووایە بە دەردی کەلار دەبردرا.

ڕۆژنامەوانی پارتی لە سلێمانی هەواڵی چالاکییە جەماوەرییەکان ناوچەکان ینك بڵاو دەکەنەوە، بەڵام لە زانکۆی سەلاحەدین تەلەفزیۆنی ئازادی حەسیر مەیدان دەکەن.

خۆپیشاندەران داواکارن: هەڵەبجە ببێت بە پارێزگا، زانکۆی تێدا بکرێتەوە، کردنەوەی چەند قوتابخانەیەك، نەهێشتنی شوێنەواری بۆردومانی 1988 و، دروستکردنی پارك، دەرکردنی بڕیارێك بۆ ئاشکراکردنی ناوی ئەو کۆمپانییایانەی چەکی کیمیاوییان داوە بە ڕژێمی کۆن، دەرماڵەی قوتابییان زیاد بکرێت، لقی دام و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان بکرێتەوە، عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە دادگایی بکرێت. . . .

ئەمانە هەموو سەرەتاییترین مافن کە پێویستە بۆ جەماوەری هەڵەبجە دابین بکرێت، هەر شەرمەزاریشە دوای 14 ساڵ لەدەسەڵاتدارییەتی کوردی تازە گوێمان لەم داواکارییانە ببێت. لە کاتێکدا دزی دنیا نەما بە ناو هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکانەوە نەکرێت.

هەرچەندە ئەوەی گوێ لەم داواکارییانە بگرێت لەخۆیەوە دەبێت جرت بۆ ڕاپۆرتەکان برای ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم هەورامی بکێشێت.

بەڵام هەندێك لەو داواکارییانە وەك کردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری هەر خوودی یەکێتی قوتابییان دەتوانێت بیکاتەوە، خۆ خەرجی کردنەوەی گەلێك کەمترە، لە خەرجی دەنگ کڕینەکان ناوچەی هەڵەبجەی سەردەمی هەڵبژاردنی خودی ئەم ڕێکخراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئەگەر حکوومەتی سلێمانی کەمتەرخەمی دەکات لە خزمەتکردنی خەڵکی شاری هەڵەبجە؟ خۆ کەس دەستی حکوومەتی هەولێری نەگرتووە؟ ئەوە عەرز و ئەوە گەز، خوارزا با چاوی خاڵۆی دەربکات.

داوا لە حکوومەتی هەولێر بکەن با چەند دەمپەڕێك بۆ شارەوانی هەڵەبجە دابین بکات، تا شار لە زبڵدانەکانی پاك بکاتەوە. چەند بۆڕییە ئاوێکی بۆ ڕاکێشن تا خەڵکەکەی لە خنکان ڕزگار بکەن، با وابزانن جاش قەڵەمێك یان جاش فایل یان جاش بەعسێکییان پێ کڕیووە.

سەبارەت بە ناوی كۆمپانیاكانی چەكی كیمیاوی، دەمەوێت لێرەدا عەرزی ئەوەتان بكەم، لە هۆڵەندە بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئەنرات دادگایی دەكرێت، دەزانن ئەو لایەنەی ئێوە نوێنەرایەتی دەكەن بە یەك فلسیش كۆمەكی ئەو دادگاییەی نەكرد، كە بە نامەی تایبەتیش داوایان لێكرا! چما ئیتر ئێوە چیتان لە پەرلەمانی بەسزمانی كوردستان دەوێت خۆیان بە كۆكردنەوەی ناویانەوە خەریك بكەن. پول (مەبەست پولی نامەیە) كۆ بكەنەوە باشترە لە ناو كۆمپانیا.

ئێستا دەمەوێت بابەتێكی دیكەتان لەگەڵدا بكەمەوە كە ئەمەی خوارەوەیە: هیوادارم یەكێتی قوتابیانی كوردستان لقی بنەسەڵاوەو دارەتووش كە لە بارەگای پەرلەمانەوە زۆر نزیكن، هەر دەنگ بەرز بكەنەوە كۆبونەوەی پەرلەمان تێك دەچێت، لە ناوچەكانی خۆیان خۆپیشاندانی هاوچەشن ساز بدەن بۆ بەردەم پەرلەمان. ئەم ئۆردووگایانەش وەك هەڵەبجە خەڵكی ئاوارەو پاشماوەی ئەنفالیان تێدا دەژێت. نە پاركییان تێدایە، نە ناوەندی رۆشنبیری، نە ئەنتەرنێت، نە پارك و شانۆو هۆڵی رۆشنبیری. . . ئەوەی شوێنەواری ژیانە تیایاندا نابینیت.

هەر چڵكاوە رەش دەچێتەوە، هەرزبڵدانە چووە بە ئاسمانا، هەر گەنجەو لەپەنای ریكەكان لەبەر بێكاری دامەو سێ رِسكان ئەكەن، زستانان دەڵێی كاترینا لێی داوە، دەبێت بە یەكپارچە لافاو. نازانم چۆن بۆتان باس بكەم لە دورەوە، ژیان لەم شوێنانە جەهەنەمێكە بۆ خۆی ئەگەر هەبێت.

لە هەموو ناخۆشتر، لەم ئۆردوگایانە پاشماوەی قوربانییان تا ئێستا هیچ كۆمەكێك ناكرێن، ئەو مانگانەیەی لە هەڵەبجە بە ئێوە دەدرێت هێشتا نەگەیشتووە بەو شارانە، ئەگەر لە هەڵەبجە پاشماوەی كیمیاوی خەڵك بكوژێت، ئەوا لە دارەتوو و بنەسەڵاوە برسێتی گەورەترین دێوەزمەی مەرگە.

دەزانن ئەگەر ئێوە بەرامبەر بە خەڵكی ئەم ئۆردوگایانە دەنگتان لێوە نەیات، كە بۆ خۆتان دەسەڵاتدارین. مافی ئەوەشتان نییە، داوای زیاتر بۆ هەڵەبجە بكەن!.

لە هەموو ئەمانە ناخۆشتر ئازیزانم، كۆنە بەعسییەك كرا بە قایمقامی بنەسەڵاوەی ناوەندی ئەنفال (دوایی لادرا، بەڵام بەرێوەبەری ناحییەی دارەتووە) ، باوكی یەكێك بوو لەو مستەشارە تێكۆشەرانەی كە ئێستا زۆر بەرِێزترن لە قوربانیان، لەو عەمەلیاتانەی كە ئەو هەڵۆی بەرزە فرِی بوو، كەسانێك بوونە قوربانی ئێستا لەو ئۆردوگایانە دەژێن، ئەمە چ ئازارێكە، ئەمە چ سزادانێكە.
بەرِێزان ئێمە نەتوانیین جاش و بەعسیی و فایلدار و دزەكان خۆمان دادگایی بكەین، مافی ئەوەمان نییە داوای دادگایی كەسی دیكە بكەین لە هەڵەبجە.

ئێمە ئەگەر بە دەستی خۆمانەوە جاش بەرینە پەرلەمانەوە، چۆن داوای دادگایی عەلی كیمیاوی بكەین لە هەڵەبجە؟؟؟.

ئەم فلیمە كۆنە، پارتی لە ناوچەی ینك بەرنامەی ئەوەندە دادپەروەرانەیە، مەگەر سویسرا وا بێت، لەناوچەی خۆشی زوخاو دەرخواردی خەڵك دەدات. ینك یش لە دوكان خەڵكەكەی ئاو نییە بخۆنەوە، كەچی زێ بۆ هەولێر رادەكێشێت. لە كەلار خەڵك خەڵتانی خوێن دەكات، ئازادی سیاسیش بۆ دهۆك دەخوازێت.

http://www. peyamner. com/article. php?id=21682&lang=kurdish